# له كۆتایی خولێكی سەنتەری گەنجانی رانیەدا

# هەژدە كچی رانیە دەتوانن دوكانی درومان دابنێن

**له هێڤارەوە**

Hevar_1@yahoo.com

**له كۆتایی خولێكی دروومانی سەنتەری چالاكی گەنجانی رانیەدا هەژدە كچی ناوچەكە بروانامەی زۆر باش بە دەست دێنن و فێری برین و درومان دەكرێن، ئەمەو ورۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠٠٧/٧/١٧ كاتژمێر ٤ ئێوارە لە بارەگای سەنتەر كۆتایی هێنرا بە خولێكی درومانی تایبەت بە كچان كە رێژەیەكی زۆری كچانی ناوچەكە بەشداریان تێدا كردبوو ، خولەكە لە لایەن دوو مامۆستای شارەزای دورمانەوە وانەكانی وترایەوە ، سەرجەمیش ماوەی مانگێكی خایاند و تێدا ١٨ كچ بروانامەی زۆر باشی خولەكەیان بەدەست هێنا، جێی ئاماژەیە سەنتەری گەنجانی رانیە پرۆژەیەكی رێكخراوی منداڵپارێزی كوردستانە و پێك دێت لە چەندین بەشی لێكجیاواز كە رۆژانە رێژەیەكی زۆری گەنجان سەردانی دەكەن و تێیدا سوودمەند دەبن هەروەها بەردەوام كۆرسی خولی فێركاری لە بوارەكانی ( كۆمپیوتەر ، ئینتەرنێت ، زمانی ئینگلیزی ، مۆزیك ، شێوەكاری ، درومان ... هتد ) بە بێ بەرامبەر بۆ گەنجان دەكاتەوە، ئەمە جگە لەوەی كە سەرجەم رۆژانی پێنج شەممان كۆڕ و سیمیناری رۆشنبیری ساز دەدات و شێوازێكی نوێ گرووپبەندی لە ناو گەنجاندا پەیرەو دەكات و بەردەوام چالاكی هەمەجۆری وەرزشی و هونەری و رۆشنبیری ئەنجام دەدات .**







